کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15-4-2007 0:25

## دەستکەوتێکی گەورە و پاداشتێکی بچووک ... دیار چەرمەگا



لەرۆژانی 3\28 تا 4\1 \2007 یاریزانانی یانەی هەولێر بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی بەشداربوون لە خولی (پاڵەوانانی یانەی کانی عەرەب)، کە لە (عەمان) ی پایتەختی ئوردن سازکرا.

شەش یاریزانی هەولێر توانیان ناوی پیرۆزی کوردستان بخەنە سەر زمانی هەموو ئامادەبوانی ئەو خولە و ئالآی کوردستان بەرزو شەکاوە ڕابگرن بەوەدەستهێنانی (8 مەدالیای زێرو 2 مەدالیای زیو) لەکۆی (12 وڵات) و (15) مەدالیای زێری خولەکە ... .. دەبوو نازناوی خول بدرێت بە هەولێر بەڵام لیژنەی سەرپەرشتیاری خولەکە یاسای کۆنی بەسەرچووی (سینکلیر) یان زیندوو کردەوە بۆ بەرژەوەندی یانەی (یەرموك بوعقە) ی ئوردنی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری پێناکرێت... ئەم یاسایە کۆی مەدالیاو کێشی یاریزان و کێشی ئاسنی بەرزکراو تەمەنی یاریزان ڕەچاودەکات، چونکە هەولێر یاریزانێکی (ئاوت) کرابوو نەیانتوانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنن.

دەمەوی بلێم یاریزانانی بەرزکردنەوە قورسایی هەولێر لە شوێنێکی زۆر ناشیاو مەشق دەکەن و بە جلوبەرگی زۆر سادەو بە پاڵپشتیەکی زۆر لاواز و بەڕاهێنەری کورد ئەم دەستکەوتە گەورەیە بۆ کورستان تۆمار دەکەن ... .. ئەگەر وەکو وڵاتانی دراوسی خاوەنی پێشکەوتووترین هۆڵ و زۆرترین پێداویستی بن و ڕاهێنەری (ڕوس، بولگاری) مەشقیان پێبکەن بێگومان لە سەر ئاستی جیهانیش دەتوانن ئالآی کوردستان بشەکێننەوە.

بێگومان ئەمە یەکەم دەستکەوت نیە کە پاڵەوانانی یانەی هەولێر تۆماری دەکەن لەبەرامبەریشدا ئەمە یەکەم جار نیە کە حکومەت خۆی ناکات بەخاوەنی ئەم یاریزانانەو دەستکەوتەکانیان پشت گوی دەخات، ئەرکی هەموو وەرزشوانێکی کوردستانە کە پاڵپشتی ئەم یاریزانە بەتواناو لێهاتوانە بکات و بێدەنگ نەبێت بەرامبەر ئەو بێدەنگیەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی کوردستان دەرحەق بەم پاڵەوانانە.

پێویستە وەزارەتی وەرزش و لاوان گەورەترین خەڵاتی ڕاهێنەرویاریزانانی ئەم یانەیە بکات تا توشی ساردبونەوەو خاوبونەوە نەبن و خزمەتی زیاترو دەستکەوتی گەورەتر پێشکەش بە کوردستان بکەن.

لەکۆتایدا دەڵێم هەشت مەدالیای زێڕ مێژویەکی گەورەیە بۆ وەرزشوانانی کوردستان و دەبێت هەمووومان شانازی پێوەبکەبن ... ... بەدەنگەوەنەهاتنی حکومەت و پاداشت نەکردنی ئەم یاریزانانە ئیفلیج بوونی وەرزشوانانەو پەکخستنی ڕەوتی وەرزشیە لە کوردستان.

diyar1979@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.